PDF4Kurd

# پەیوەندی

ناوی کتێب: پەیوەندی
نووسینی: ئۆشۆ
وەرگێڕانی:محەمەد ئەحمەد
بابەت: خۆناسین
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
هەڵەچنی: مهاباد ڕەحیم
تیراژ: ۱۰۰۰دانە
نرخ: ۱۵۰۰دینار
ژمارەی سپاردن: ۱۱٤۷ ی ۲۰۰۷
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەمساڵی ۲۰۰۹
کوردستان -سلێمانی
www.sardam.net
www.sardam.info
www.sardam.org

سەرچاوە:
پیوند
اوشو
مترجم: عبدالعلی براتی
انتشارات نسیم دانش / چاپ دوم ، بهار ۱۳۸۳

ئۆشۆ

# پەیوەندی

٨

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

محەمەد ئەحمەد

پیاداچوونەوەی

یۆگی هاوبیر کامەران

سلێمانی ٢٠٠٩

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٨٣ )**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

## پێشەکی

دروستکردنی پەیوەندی یەکێکە لە گەورەترین پاداشتەکانی ژیان: پەیوەندی بە واتای ئەشق ، بە واتای دابەشکردن.بەڵام پێش ئەوەی کە بتوانی دابەشی بکەی دەبێت شتێکت هەبێت. پێش ئەوەی کە بتوانی ئەویندارى بكەی دەبی لێوان لێو لە عەشق بیت.

گوڵ لەتەك گوڵێكی تر دەتوانێت پەیوەندی دروست بکات، هەردوكیان پشکوتون، دەتوانن بۆن و مەرامی خۆیان پێشکەشی یەکتر بکەن، هەردوکیان لە ژێر یەك هەتاو و بە ئاهەنگی شەماڵێك سەما دەکەن.دەتوانن لەگەڵ یەکتری بدوێن و قسە بکەن. بەڵام بۆ دوو دانە دانەوێڵە ئەم شتە ڕو نادات.دانەوێڵەکان بە تەواوەتی داخراون، بێ هیچ جۆرە کون و کەلێنێك، چۆن دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن؟

مرۆڤ وەکو دانەوێڵەیەك لەدایکبوە، دەتوانێت ببێتە گوڵ و یاخود هەر وەك دانەوێڵەیەك بمێنێتەوە. هەموی پەیوەندی بە تۆوە هەیە، ئەوەی کە تۆ چی لە خۆت دەکەیت. هەڵبژاردن بە دەست تۆیەو هەموو کاتێکیش دەبێت ڕوبەڕوی ئەم هەڵبژاردنە ببیتەوە، هەموو ساتەوەختێك ڕوبەڕوی دووڕیانێك.

"ئۆشۆ"



لە کۆڵانێ و بازاڕ وەکو "بودا" هەنگاو بنێ. لە دنیادا بژی...دنیایەك کە زۆر دەوڵەمەندە. جاربەجار لە چاوی دوژمنەکەت بڕوانە و لایەنێکی تر لە بوونی خۆت ببینە. لە چاوەکانی خۆشەویست، هاوڕێ یان کەسێکی تر بڕوانە،کەسێك کە بەلاتەوە گرنگ نیە، دووبارە لایەنێکی تر لە بوونی خۆتت بۆ دەردەکەوێت.بایەخ بە هەموو ئەم لایەنانە بدە، ئەمانە هەموی بەشێکن لە تۆ.

هەرکات منداڵێك لە دایك دەبێت، نەتەنیا ئەو بەڵکو دایکەکەش لەدایك دەبێت. پێشتر ئەو ژنێکی ئاسایی بوو، لەگەڵ هاتنە سەر دنیای کۆرپەکە، ئەو دەگاتە پلەی دایکایەتی و دایکیش بەتەواوەتی لەگەڵ ژنێکی ئاسایی جیاوازی هەیە:

هەموو بونی ئەو لە ڕوانگەی چۆنیەتیەوە، گۆڕانی بەسەردا دێت.



له ئەزمونی مرۆڤایەتیدا، پەیوەندی نێوان دایك و منالّەكەی،
نزیكترین جۆر و لایەنی دلسۆزی یە.

گشت ڕێکخراوەکان ئاکامی پەیوەندی نێوان موریدەکانن. لەراستی دا دوو دانە مورید بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیان نیە بە یەکترەوە. هەر موریدێك بە پێی توانایی و لێهاتویی خۆی پەیوەندی هەیە بە موڕادەوە. موراد دەتوانێت لەگەڵ ملیۆن مورید پەیوەندی دروست بکات، بەڵام پەیوەندی شتێکی تایبەتمەندە نەك ڕێکخراوی.

لە ئەشقدا سوپاس و پێزانینێك هەیە، سوپاسێكی قوڵ. دەزانی كە كەسی بەرامبەرت تەنیا شتێك و ئامێرێك نیە. دەزانی كە كەسی بەرامبەرت شكۆدارە، خاوەن كەسایەتیە، خاوەن روحی خۆیەتی، كەسێكی یەكتایە. لە ئەشق دایە كە ئازادی تەواو و ڕەهاْ دەبەخشی بە كەسی بەرامبەر.

ئەشق نابێت لایەنێکی بەرامبەری دیاریکراوی هەبێت. ئەشقێك کە ئاراستەی کەسانی تر کرابێت، ئەشقێکی راستەقینە نیە. فێر ببە چۆن ببیتە خودی ئەشق.کەوابو ئەمە گرنگ نیە کە لایەنی بەرامبەری ئەشقی تۆ کێیە، تەنیا ئەمە گرنگە کە کەسانی تر لە تۆدا ئەشق بدۆزنەوە. ئەو کەسەی کە خۆی خۆش بوێت، یەکەم هەنگاوی ناوە بەرەو عەشقی راستەقینە. دروست وەکوو ئەوە وایە کە بەردێك فرێدەیتە ناو دەریاچەیەکی ئارام، سەرەتا چەند بازنەیەکی بچووك لە دەوری بەردەکە دروست دەبێت کە زۆر لە بەردەکە نزیکن، ئەمەش شتێکی سروشتیە ، لە شوێنی تر دروست نابن. دواتر ئەم بازنانە فراوان دەبن و دەگەنە دوورترین کەنار.

ڕق و دژایەتی بەردەوام ، بۆ خۆی جۆرێك پەیوەندیە، پەیوەندیەکی قۆڵ.کەوابو مرۆڤی بەئاگا، دوژمنەکەشی خۆشدەوێت، نەك لەبەر هۆی هۆکاری روحی، لەبەر ئەم هۆکارە سادەیە کە دوژمن پێناسەی ئەو دەکات. دوژمن بەشێکە لە وجودی ئەو. بەبێ ئەو بۆشاییەك دروست دەبێت کە کەسی تر ناتوانێت پڕی بکاتەوە.



ئەشقی داهێنەرانە بیرۆکە و دیاردەیەکی زۆر مەزنە. ئەویندار بکە نەك لەبەر دروستکردنی پەیوەندی نێوان دوو کەسی وەستاو ، ئەویندار بکە وەکو گەردەلولێکی داهێنەر، وەکوو سەمایەکی وەها بە گڕوتین و توندوتیژ کە نەتوانرێت دەرکەوێت کێ ئاشقە و کێ مەئشووق. وە سەما بەردەوام دەبێت، قوڵتر و قوڵتر،سەماکەرەکان دیارنامێنن و تەنیا سەما دەمێنێتەوە.

ژیان پەیوەست بونێکی دوولایەنەیە. کەس سەربەخۆ نیە. تەنانەت بۆ ساتێکیش ناتوانی تەنیا بژی. پشتگیری و لایەنگری هەمو کەونت پێویستە. هەموو ساتەوەختێك تۆ هەناسە وەردەگریت و ئەیدەیتەوە. نەخێر ئەمە پەیوەندی نیە، ئەمە پەیوەست بوونێکی دولایەنەی تەواوە. کاتێك کە لە پەیوەندی داین هەموو شتێك رون و ئاشکرا دەبینین. پیاو وادەزانێت ژنەکە دەناسێت و ژنیش وادەزانێت پیاوەکە دەناسێت. بەلام هیچ کامیان یەکتری ناناسن. ناسینی بەرامبەر ناموم‌کینە، بەرامبەر بۆ هەمیشە وەکو رازێك دەمێنێتەوە. هەوڵ بۆ ناسین و ئاشکرا کردنی لایەنی بەرامبەر سوکایەتی و بێرێزیە.



هەر پەیوەندیەك تەنیا ئەزمونێکە هەتا تۆ بۆ پەیوەندی کۆتایی و دواجار ، بۆ ئەشقی کۆتایی ئامادە بکات. ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە ئایین باسی لێدەکات.هەمو جەختی من لەسەر کردارەکانە نەك لەسەر ناوەکان، تا دەتوانی خۆت بەدوور بگرە لە ناوەکان. ئەم کارە لە زماندا مومکین نیە ، بەلاّم لە مەودای ژیاندا دەتوانی چونکە ژیان خۆی کردارە. ژیان ناوێك نیە. لە راستی دا "ژینە" نەك "ژیان". "عەشق پێدانە" نەك "عەشق". "پەیوەندی کردنە" نەك "پەیوەندی" . "گۆرانی گوتنە" نەك گۆرانی ." سەما کردنە" نەك "سەما".



ئەوانەی کە لە پەیوەندی دەترسن ، لە خۆیان دەترسن. چونکە لە پەیوەندیدایە کە ئاشکرا دەبن . لە پەیوەندیدایە کە ڕەنگ ئەدەنەوە.

شێعر پەیوەندی تۆیە لەگەڵ هەموو. شتێك وەكوو پەیوەندی نێوان دلۆپ و دەریا ، گەڵا و درەخت، نێوان تۆسقاڵ و گشت. گشت دێتەكایەوە و تۆسقاڵ دەست بە سەما كردن دەكات. ئەو لە مەستیدا وەها بێخود دەبێت كە دەست دەكات بە گۆرانی وتن...وەها دڵخۆش دەبێت كە هەمو جولەیەكی شاعیرانەیە. ئەو چیتر لەسەر زەوی هەنگاو نانێت ، ئەو لە فڕیندایە.

ئەگەر دروستكردنی پەیوەندی ئازاد بێت و ئازادی تێدا بێت، شادی دەستەبەر دەبێت، چونكە ئازادی نیهایەتی بەهایە، شتێك لەو مەزنتر نیە. ئەگەر ئەشقی تۆ بەرەو ئازادی ڕێنوێنیت بكات، ئەو ئەشقە بەرەكەتە. بەڵام ئەگەر بەرەو كۆیلەییت بەرێت نەتەنیا بەرەكەت نیە كە نەفرەتیشە.

ئەشق وەکو پەیوەندیەك دەردەکەوێت بەڵام لە تەنهاییەکی قوڵدا دەستپێدەکات. کاتێك تۆ بەتەواوەتی لە تەنهایی خۆتدا دڵشادی، کاتێك بەتەواوەتی پێویستت بە دەروبەر نیە، کاتێك کە ئامادەبوونی کەسی تر پێویستیەك نیە ، ئەو کاتەیە کە توانایی وەرگرتنی ئەشقت دەبێت. ئەگەر بوونی کەسێ تر پێویستیەکە بۆ تۆ ، تەنیا دەتوانی بەرامبەر قۆرخ بکەی، فێڵ بکەی ، زاڵ ببی ، بەڵام ناتوانی ئەشق پێشکەش بکەی.

**لە ئارامیدا پەیوەندی تۆ لەگەڵ خەڵکی دەگۆڕێت، چونکە لە ئارامیدا تۆ کەسێکی تری.**



ئازایەتی ئەوەیە کە تۆ لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیدا بژی لەهەمان کاتیشدا سەربەخۆ بیت. مرۆڤی نوێ مرۆڤێکی ئازا دەبێت. لە رابردوودا تەنیا دوو جۆر نەزان لەسەر زەوی هەبوون ، جۆرێکیان ئەم دنیایی و جۆرێکیشیان ئەو دنیایی –بەڵام هەردووکیان نەفام و گەمژە بوون. مرۆڤی بەراستی ئازا کەسێکە کە لەم دنیایەدا دەژیت بەڵام هی ئەم دنیا نیە.



گەورەترین موعجیزە لەم دنیایەدا ئەوەیە کە من هەم و تۆ هەیت. هەبوون گەورەترین موعجیزەیە و چاودێریش (meditation) دەرگاکانی ئەم موعجیزە گەورەیەت بۆ دەکاتەوە.

کاتێك دەگات کە ئەشقت بە چنگ هێناوە و کاتێکیش دەگات کە گەیشتویتە سەروی ئەشقەوە. کاتێك دەگات کە پەیوەندیت دروست کردووە و تامی ئەم پەیوەندیە دەچێژیت. کاتێکیش دەگات کە تەنیایت و تامی جوانی تەنیایی دەکەیت.بەلێ هەر شتێك و هەر کاتێك جوانە. دۆستایەتی دەبێتە پەیوەندی و جێگیر دەبێت. بەڵام هۆگرایەتی زیاتر لە رەوت وجولە دایە. دۆستایەتی پەیوەندیە ، هۆگرایەتی حالەتێکە لە بوونی تۆ. هۆگر بە، لەگەڵ چی و لەگەڵ کێ، گرنگ نیە.

ئەوەی کە بە قوڵی حەز بە خۆشبەختی خۆی دەکات ، هەمیشە حەز بە خۆشبەختی خەڵکیش دەکات ، بەڵام نەک لەبەر خەڵك. لە قوڵایی وجودی خۆی حەز بە بوونی خۆی دەکات، لە بەر ئەم هۆکارە یارمەتی دەدات. ئەگەر لە دونیادا هەموان فێرکەن کە خۆیان خۆش بوێت ، هەمو دنیا خۆشبەخت دەبێت. ئەگەری نەهامەتی نامێنێت. کەسانێك هەن کە لەگەڵ هەستەوەریەکانیان دەسازێن و کەسانێکیش هەن کە لەگەڵ ئەم هەستەوەریانە بەشەڕ دێن-بەڵام هەردوکیان گرفتاری ئەم هەستەوەریانە دەمێننەوە.

دەبێت لە بازنەی ئەم پەیوەندیە دەرچیت. دەبێ تەنیا تەماشاچیەك بیت، تەنیا بینەرێك. کەسی ئاشق هەرگیز لە کەس تورە نابێت ، چونکە لە ڕاستی دا پەیوەست نیە بە کەسانی ترەوە. ئەو دەتوانێت لە تەنهاییش دا شاد بێت...هەڵبەت ئەو ئێستاش شادی خۆی لەگەل کەسانی تر دابەش دەکات بەڵام پەیوەست نیە بە کەسەوە. ئێستا ئەو پەیوەندیە پەیوەندیەکی دوولایەنەیە.



پەیوەندی هەوڵێکی بێ ئاکامە، چونکە ناتوانی بگەیتە لایەنی بەرامبەر، دەستت ناگاتە ناوەندی وجودی بەرامبەرەکەت و تا ئەو کاتەش کە نەگەیتە ناوەند چۆن دەتوانی پەیوەندی دروست بکەی.

پەیوەندی جنسی هەرگیز کەسی تێر و رازی نەکردووە. ئەم جۆرە پەیوەندیە زیاتر و زیاتر نارەزایەتی دروست دەکات. پەیوەندی جنسی هەرگیز کەسی نەگەیاندۆتە کەمال. کەمال بۆ ئەو نامۆیە. پەیوەندی جنسی کاتێك مانا پەیدا دەکات کە بە ئەشقەوە بێت. کەوابوو ئەشق و پەیوەندی جنسی ئاوێتەی یەکتری دەبن و ئەشق ناوەندێکی مەزنترە، ناوەندێکی بالاتر.ئەو کات کە پەیوەندی جنسی لەگەل ئەشق گرێ دەدرێت، بەرەو سەروتر و سەروتر دەروات. ئەگەر بتوانی بە ئارامی و بە جوانی پەیوەندی دروست بکەی رەنگدانەوەی خۆت بەدی دەکەیت. تۆ پەیوەندیەکە دەگۆریت و پەیوەندیەکەش گۆرانت بەسەردا دێنێت لە هەر دوو لاوە ئیشدەکات.

ئەشق ئێشی بەدواوەیە چونکە دەبێتە هۆی گەشە کردن. ئەشق ئێشی بەدواوەیە چونکە ئەشق ئەمەی گەرەکە. ئەشق ئێشی بەدواوەیە چونکە ئەشق گۆرانکاری دەکات. ئەشق ئێشی بەدواوەیە چونکە ئەشق لەدایك بوونەوەی تازەت پێدەبەخشێت.

ئەگەر لە نەهامەتی دا بەشوێن کەسی تردا بگەڕێی، ئەنجامەکەی پەیوەندییەکی نادروست دەبێت. بەڵام ئەگەر لە خۆشبەختی دا هەوڵ بۆ پەیوەندی بدەی، پەیوەندییەکە هەرگیز نادروست نابێت. بەڵێ لە خۆشبەختیدا لایەنی بەرامبەر بدۆزەرەوە.

سەرسام دەبی، بەوەی کە ئەگەر خۆتت خۆشبوێت کەسانی تریش تۆیان خۆشدەوێت. کەس کەسێکی خۆش ناوێت کە خۆی خۆش نەوێت. ئەگەر نەتوانی ئەشق بە خۆت ببەخشی، کەسی تر گرنگی بەم کارە نادات.

هەر پەیوەندیەك بەردەوام لە گۆراندایە ، هەمیشە لەبەرامبەر لەناوچوندایە. کەوابو هەر پەیوەندیەك ترس دروست دەکات، چونکە هەمیشە مەترسی لێکهەڵوەشانی هەیە. هەرچەندە ترس زیاتر بێت، زیاتر و زیاتر چنگی لێ توند دەکەیت و هەرچەندە زیاتر چنگی لێ توند بکەی، زیاتر ترس دروست دەکەیت.

کەسێك کە متمانە دەکات...گرنگ نیە بە چ شتێك متمانە دەکات، ئەم متمانەیە بێتاوانی ئەو پیشان دەدات. تەنانەت ئەگەر لەبەر متمانە پێکردن هەلخەلەتێت، دیسان گرنگ نیە،چونکە نرخی متمانە پێکردن بەرزتر لەم خەلەتاندنەیە. دەتوانی هەموو شتێکی لێبستێنی بەلام متمانەکەی هەرگیز. زواج شتێکە بۆ هەلاتن لە ترسی گۆران، زواج شتێکە بۆ سەقامگیری و رەفکردنی کردنی پەیوەند. بەلام ئەشق دەرکەوتەیەکە کە هەر ویستت جێگیری بکەی دەمرێت. بێجولە کردنی ئەشق یەکسانە بە لەناوچونی ئەو.

ئەشقی راستەقینە تەنیایی دەگۆڕێت بۆ یەکتایی. ئەگەر بەرامبەرەکەت خۆش دەوێت، ئەگەر دەتەوێت یارمەتی بدەیت، یارمەتی بدە تا یەکتایی بە دەست بێنێت. نابێت تێری بکەی. هەوڵ مەدە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە بوونی خۆت کاملی بکەی. رێگە بدە بەرامبەرەکەت یەکتا بێت. با ئەوەندە تێراو بێت لە بوونی خۆی کە پێویست بە بوونی تۆ نەکات.

گەورەترین هونەر لە جیهان ئەوەیە مورید بیت. ئەم نیعمەتە لەگەڵ هیچ شتێکی تر بەراورد ناکرێت. موریدی شتێکی یەکتایە و هاوتای نیە. لە هەر پەیوەندیەکی تر شتێکی وا بەدی ناکرێت، شتێکی تر وەك ئەو ناتوانێت دەرکەوێت.

ئەشق ئەزمونێکی رۆحیە، پەیوەندیەکی بە جنسەوە نیە و لاشەکان بۆ ئەو نامۆن. ئەشق پەیوەندی هەیە لەگەڵ ناوەکی ترین ناوەندی وجوود. بەڵام تۆ هێشتا تەنانەت هەنگاوت نەناوەتە ناو پەرستگەی خۆت. بە هیچ شێوەیەك نازانی کێیت، بەم حاڵەشەوە بەدوا ئەوە دای چۆن بتوانی باشتر ئەویندارى بکەیت. سەرەتا خۆت بە و خۆت بناسە ، ئەشق خۆی وەکوو دیاریەك دێتە سەر ڕێگەت. بە کەوتنە ناو ئەشق مناڵ دەمێنیتەوە؛

بە قوڵبونەوە لە ئەشق پێدەگەیت.

ئەشق پەیوەندیە. ئاشق و مەعشوق هەردوکیان هەوڵەدەن خۆیان بمێننەوە، لە پەیوەندی دابن و لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆبن، ئەوەیە کە شەڕ دەستپێدەکات.

دۆستایەتی بێخەوشترین جۆری ئەشقە. بەرزترین شێوازی ئەشقە، لەودا هیچ شتێکت ناوێت، مەرجێك دانانێیت، لەودا خۆبەخشین شادی هێنەرە. لایەنێك زۆری پێدەگات، بەڵام ئەمە گرنگ نیە، ئەم دەسکەوتە خۆلەخۆ وە دەستەبەر دەبێت.

مرۆڤ هێشتا فێرنەبوە کە جوانی تەنهایی دەرك بکات. ئەو هەمیشە وێڵە لە گەڕان بەشوێن جۆرە پەیوەندیەك، دەیەوێت لەگەڵ کەسێك بێت –لەگەڵ هاورێیەك، لەگەڵ باوکێك، لەگەڵ هاوسەرێك، لەگەڵ منداڵێك، لەگەڵ یەکێك و کەسێك... بەڵام پێویستی سەرەکی ئەوەیە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان فەرامۆش بکەی کە تەنیای.

تاكو دوور بى، ناتوانى نزيك بى.
ئەگەر بەردەوام دوور بى ئەشق دەمريێت.
ئەگەر بەردەوام نزيك بى ئەشق دەمريێت.
ئەشق تەنيا لە رەوتى بەردەوامى پەيوەنديدا، زيندوو دەميێنيێتەوە،
نە بەند و زنجيێريێك، نە داو و زينداانيێك.

ژین و مەرگ لە پەیوەندیەکی چالاك دان لەگەڵ یەکتری. مردن ئارامیە و تازە بوونەوە. بەراستی ژین بە تەنیایی بێزارکەرە. مردن حاڵەتێکە نزیکتر بە خەو، خەوێکی قوڵتر کە تاکە کەس لەنێوان دوو ژیان پێویستی پێیەتی، کەوابوو ژیانە کۆنەکە بەتەواوەتی ئەسرێتەوە و دووبارە پاك ئەبیتەوە تاکوو لە نوێوە لە دایك ببیتەوە، تازە و شادان.

تۆ بەیتێکی لە شیعرێکی دوور و درێژ، لە تەنهاییدا تۆ تەنیا وڕێنەیەکی. بە هەموو شیعرەکەوە مانا و نرخ دەردەکەوێت، چونکە نرخ تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ گشتدا واتا پەیدا دەکات.

هەرکاتێك دوو مرۆڤ بەیەك دەگەن، جیهانێکی تازە دێتە کایەوە. تەنیا بە بەیەك گەیشتنیان دەرکەوتەیەکی تازە دێتە سەر دنیا ، شتێك کە پێشتر بوونی نەبوە ، هەرگیز بوونی نەبوە و لە ڕێگەی ئەو دەرکەوتەوە ، هەر دوولا دەگۆڕێن و گۆڕانیان بەسەردا دێت.


لەبیرت بێت گشت پەیوەندیەکانی ئێمە، جۆرێك هەموار کردنە. ئەگەر کەسێك گۆرانی بەسەردابێت، ئەم هەمواریە هەڵدەوەشێت- باش و خراپەی ئەم لێکهەڵوەشانە گرنگ نیە.





تۆ دەبێت سات بە ساتی ژیانت بژیت. دەبێت لە هەر ساتێکی ژیانتدا وا بژیت کە ئەمە دوایین ساتی ژیانتە. کەوا بوو کاتی خۆت لە دەمەقالێ و گلەیی وشەردا بەفیرۆ مەدە. لەوانەیە ساتەوەختێکی تر تەنانەت بۆ داوای لێبوردن لە بەر دەستتدا نەبێت.بیرۆکەی هەبوونی پەیوەندیەکی بەردەوام و هەمیشەیی وادەکات ئەو شتانەی پێویست و سەرەکین دواپان بخەیت و دەست بدەیتە کارهایەك کە نەتەنیا پێویست نین بەڵکو گەمژانەشن.

هیچ شتێك زیادتر له تەنیایی رەنج هێنەر نیە. بەڵام كێشەكە لێرەدایە كە دروستكردنی هەر پەیوەندیەك له ترسی تەنیایی ئەزمونێكی پیرۆز نابێت، چونكە لایەنی بەرامبەریشت له ترسی تەنیایی پەنای بۆهێناوی.



داواکردنی تەنیایی بە مانای رەتکردنەوەی تۆ نیە، بەڵکو لە بەرەکەتی ئەشقی تۆوەیە کە ئەم مەجالە ڕەخساوە تاکو تەنیا بم.

ئەگەر پەیوەندیەك هۆكاری نەهامەتی و ئێش و ئازاری تۆیە، زۆر بە ئاسانی دەتوانی خۆتی لێدەرباز بكەی. كەس ناتوانێت ڕێگر بێت. ئەو كاتەی كە لە قولایی بێدەنگیەكانی ناو دڵتدا ، ئەزموونی جوانیی و نەشوەی تەنیاییت كرد، گشت ترسەكانت دیار نامێنن. دواتر بە رابردووی خۆت پێدەكەنی كە: ئەی چەند كابرایەكی گەمژە بووم! چیم بەسەر خۆم هێنابوو؟ نابێت زۆرەملییەك هەبێت كە ئەگەر ئەمرۆ كەسێكم خۆش دەوێت ، سبەی هەر وابێ. ئەمە پێویستی سروشت نیە. ئەمە نیازێكی زاتی نیە كە ئەشق رۆژی دواتریش هەبێت، لەوانەیە هەبێت و لەوانەشە نەبێت. هەرچەندە زیاتر پێداگری بكەی لەسەر هەبوونی ئەشق، زیاتر و زیاتر دژوار دەردەكەوێت.

ئەو کاتەی لە گەڵ کەسێکدا لە پەیوەندیەکی قوڵ دایت، هەست بە نیازێکی زۆر دەکەی بۆ تەنیا بوون. بەرە بەرە هەست دەکەیت کە لە پێکەوتو و ماندوی، ماندویەکی شادی هێنەر، بەڵام هەر جۆش و خرۆش و بەزاجێك رۆژێك کۆتایی پێدێت.
زۆر زۆر جوانە کە لە پەیوەندی دابیت، بەڵام ئێستا حەز دەکەیت بگەڕێیتەوە ناو خلوە و تەنیایی خۆت، تاکوو دوبارە پڕ بی، دووبارە لە زاتی بوونی خۆت دا ڕەگ و ڕیشە دابنێی.

نوێژ و پاڕانەوە پەیوەندیەکی شاعیرانەیە لەگەڵ بوون، لەگەڵ کەون.
پەیوەندیٚ بە ئایینی تایبەتی تۆوە نیە.

کاتێك کەسێکت خۆشدەوێت، ئەتەوێت لێی نزیك ببیتەوە، خوازیاری پەیوەندیەکی قوڵ و هۆگرانەی لەگەڵیدا.
بەڵام دوای ئەزمونێکی قوڵی هۆگرانە ئەتەوێت جیابونەوەش تاقی بکەیتەوە. خوازیاری سەفەرێکی دوری. لە میوانی بوویت و ئێستاش دەتەوێت ڕۆژو بگریت، ئەگینا میوانی زۆر تووشی ڕشانەوەت دەکات.

**بۆ گەڕۆك، هەر پەیوەندیەك دەبێت شتێك پیشان بدات: چۆن ڕەفتار دەكەیت؟ كردارت چۆنە؟**
**ئایا بەردەوام ماسك بە روخسارتەوەیە؟ ئایا ساتەوەختێك لە ژیانتا دێت كە گشت ماسكەكان بەلاوە دەنێیت و تەنیا و تەنیا خۆت دەبیت.**


کەسێکت خۆش دەوێت و لەهەمان کاتیشدا ڕقت لێیەتی. ئەمە زۆر ئاساییە ؛کاتێك هەموو ئەشقی خۆت پێشکەشی کەسێك کرد، سروشتیە کە ڕقی خۆشتی پێدەبەخشی. چونکە ئەشق و ڕق دوو ڕوی سکەیەکن. ئاشقان لە شەر دان، ئەوان دوو دوژمنی هۆگرن. ئەو کاتەی کە شەر لە نێوانیاندا نامێنێت، ئەشقیش دیار نامێنێت. ئەشق بە بێ شەر دەرناکەوێت. هەرگیز نەتەوێت بەرامبەرەکەت گۆران بەسەر خۆیدا بێنێت. لە هەر پەیوەندیەك دا گۆڕان لە خۆتەوە دەست پێبکە.

ئایینده مژدەی جۆرێکی تر لە پەیوەندیمان پێدەدات. پەیوەندیەك کە تەنیا لەسەر بنەماکانی ئەشق سەقامگیرە و تەنیا تا ئەو کاتەی زیندوو دەمێنێتەوە کە ئەشق هەبێت. داواییێکیش نیە بۆ بەردەوام بوونی، چونکە لە کەوندا هیچ شتێك هەمیشەیی نیە. تەنیا گوڵە دەستکردەکانن کە بەردەوام دەمێننەوە.

هیچ کامێك له ئاشق و مەئشوق پێش دروستکردنی پەیوەندی ئاشقانه، بەتەواوەتی ئامادە نین. ئەگەر بیانەوێت بوەستن تاکو بێ کەم و کورتی ئامادە بن، هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ئاشقانه نایێتە کایەوە.

تەنیا هاتوین و تەنیاش دەڕۆین و لە نێوان ئەو دوو تەنیایە دا، هەڵدەستین بە دروستکردنی گشتێ خەونەکانمان سەبارەت بە پێکەوەبوون، پەیوەندی، عەشق، خێزان، هاوڕێیان، نادیەکان، کۆمەڵەکان، نەتەوەکان، کەنیسەکان و ڕێکخراوەکان.

کۆمەڵگەیەك کە پێگەییشتنی تەواوی بەدەست هێناوە، ئازادی دەبەخشێت بە خەڵکی تاکو بە خواستی خۆیان پەیمانی ئەشق ببەستن و تا ئەو ساتەی کە ئەشق بەردەوامە لەلای مرۆڤیکی تر بمێننەوە. بەڵام لەدوای ئەوە تەنانەت بۆ ساتێك مانەوە لەلای کەسێك ساختەگەریە. ساختەگەریش بێزاری و ماندوبوونی بە دواوەیە.



هیچ پەیوەندیەك بەبێ روبەڕو بوونەوە لەگەڵ کێشەکان ئاکامی نابێت.
ئەگەر بینیت کە پەیوەنڎیەكٛ بەبێ بونی کێشەیەك گەییشتۆتە ئاکام،
بەو مانایەیە کە چیتر پەیوەندیەك نیە.

**لەبیرتان بێت دوای بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی نابنە ئاغای یەکتر، تەنیا هاوڕێ، تەنیا دۆست.**



تۆ دەبێت لەگەڵ خەڵکی پەیوەندیت هەبێت، بەڵام هیچ پەیوەندیەك شادی و خۆشبەختی بە تۆ نابەخشێت ، چونکە خۆشبەختی لە دەرەوە بەدەست نایێت. خۆشبەختی هەمیشە لە ناوەوە لە ڕەوت و درەوشانەوە دایە.



گوڵی سور لە بەرەبەیانیاندا دەکرێتەوە و ئێوارانیش پەلکەکانی هەڵدەوەرێت. " با" بۆ ئەملا و ئەولایان دەبات و دەگەڕێنەوە تاکو لە خاك دا بحەوێنەوە. ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە گوڵی سور بوونێکی ڕاستەقینەی نەبوە.

کاتێك لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دایت، بە هەزار و یەك شێواز دەوروژێیت و بەرەنگاریت دەکرێت و گومرا دەکرێیت. دووبارە و دووبارە داوەکانی سەر ڕێگەت دەناسیت، سنورەکان، تورەبونەکان، هەوەس و ئارەزوەکان، هەستی خاوەن بون، بەخیلی، غەم و شادی. هەموی دێت و دەروات و تۆش بەردەوام لە ڕەنج و ئازار دایت. بەڵام ئەمە تەنیا ڕێگەیە تاکو بزانیت کە تۆ کێیت.

هەقیقەتی ئایین ئەوەیە کە لە گەڕان بە شوێن پەیوەندیەکی هۆگرانە لەگەڵ کەون دا بێت.



پەیوەندی لەگەڵ راستی و لەگەڵ بون بارێکی روحانیە. لەبیرت بێت وشکەباوەری و پەرستگەکان روحانیەت بە تۆنابەخشێت. لە پەیوەندیەکی راستەوخۆ لەگەڵ "بون" دا روحانیەتە. هاودەنگبوون لەگەڵ "کول"، هەماهەنگی و نەشوە و شادی رەهای لێرەبوون روحانیەتە.

له هەر پەیوەندیەکدا دەتوانی "من" (ego)ی بەرامبەرەکەت ببینی، بەڵام "من"ی خۆت ناتوانی ببینی ، بەرامبەرەکەشت بینەری "من"ی تۆیە.

هەر شتێك كە لە پەیوەندیەكدا دێتەكایەوە ، بزانە كە پێشتر دەبێت لە دەرونی تۆدا هەبوبێت، چونكە پەیوەندی تەنیا شتەكان زەق دەكاتەوە. پەیوەندی ناتوانێت دروستكەر بێت ، تەنیا دەركەوتەكان پێشان دەدات.

**لوتکەی ئەشق ئازادیە، ئازادیەکی ڕەها. هەر پەیوەندیەکیش ئەم ئازادیە لە ناو بەرێت بێ نرخە.**

تەنیایی هەستێکی پۆزەتیڤە، هەست کردن بە بوونی خۆت و ئەوەی کە ئەوەندە لەگەڵ خۆتی کە پێویستت بە بوونی کەسی تر نیە. بێکەسی نەخۆشی دڵە و تەنیاییش دەرمانکەریەتی.

دژایەتی واتای پەیوەندیش دەگەیێنێت. کاتێك کە زۆر دژایەتی دەکەیت زۆر زۆر لە پەیوەندی دایت. ڕێگەی پەیوەندی ئاوایە ، تۆ لەگەڵ دوژمنەکەشت لە پەیوەندی دایت بگرە زیاتر لەو پەیوەندییەش کە لەگەڵ دۆستەکانتدا هەتە.



ئەگەر بتوانی لە نێوان پەیوەندی خۆت و دایکتدا پردێك دروست بکەیت، لەناکاو هەست دەکەیت کە لە نێوان خۆت و هەموو زەوی پردت دروست کردوە. تۆ زیاتر لە زەویدا ریشەت داکوتاوە.
ئەگەر بتوانی پردێك دروست بکەیت لە نێوان پەیوەندی خۆت و باوکت، ئاسمان دەهێنیتە ناو ماڵەکەتەوە.
دایك و باوك سومبولن، سومبولی زەوی و ئاسمان. مرۆڤیش وەکوو درەختێکە کە پێویستی بە هەردوولا واتا زەوی و ئاسمانە.

ئەگەر خۆتت بە قوڵی خۆش بوێت  و بۆ ناوەندی بونی خۆت سەفەر بکەیت، ئامادەیی ئەوە پەیدا دەکەیت کە زیاتر خۆشەوپستی بکەیت ، چونکە ئەو کەسەی کە خۆی نەناسێت ناتوانێت زۆر بە قوڵی خۆشەویستی بکات.

بۆ هاتنەدی موعجیزە دەبێت کارێك ئەنجام بدەیت، حەقیقی بوون دەست پێبکە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەوانەیە مەترسی ئەوە هەبێت پەیوەندییەکە ئەوەندە سەقامگیر نەبێت کە بتوانێت کۆڵی حەقیقەت هەڵبگرێت. حەقیقەت لەوانەیە ئەوەندە گەورە بێت کە هەڵگرتنی نامومکین بێت، بەڵام پەیوەندیەك کە نەتوانێت ئەم کۆڵە هەڵبگرێت نرخێکی نیە. لەم ڕووەوە دەبێت لەم تاقیکردنەوە تێپەڕیت.

ئەشق بە جیابونەوە لەناوناچێت.
ئەگەر مردنێکیش بۆ ئەشق هەبێت ، بە زۆر بەیەکەوە بون لەوانەیە
بەڵام بە جیابونەوە هەرگیز.

ژیان خۆی پەیوەندیەکە. کەوابو بهێڵە کەسانی تر لێت نزیك ببنەوە... نەرم و کراوە بە ، ئەمە شادی زۆرت پێدەبەخشێت هەروەها ئەزمونی پڕ لە ژانیش. لە ساتەوەختێکدا زۆر دلشاد و لە هێندێك کاتیشدا لە خەمۆکیەکی قوڵدا بەسەر دەبەیت.بۆ کامڵ بوون هەردولات پێویستە. دواتر بچۆ ناو تەنیایی خۆتەوە و ئەم هەستە خۆشەت پیرۆز بێت.

شتگەلێك هەن كە تەنیا بە ئەزمون دەتوانین لێیان تێبگەین. ئەشق لەم بابەتانەیە. ڕێگەیەكی دیكە نیە بۆ فێربون و ناسینی ئەشق ، تەنیا دەبێت ئاشق بێت و بە ئەزمون و هەڵەیە كە ئێمە شت فێر دەبین.

"بەڵێ" بە کەسێك بڵێ کە لە هاوئاهەنگی تەواو لەگەڵ تۆ دایە. پەیوەندیەکی هاوکات، هۆگریەکی قوڵ. بە کەسێك کە لە تۆدا دەنگ و لەرینەوەیەك دروست دەکات. بونی ئەو بانگێك لە دڵتدا سەر دەدات کە بە تەری ئاوازێك دەشێت. بۆ ئەم بەڵێیە دەبێت بە خەڵکانێکی زۆر "نا" بڵێیت ، چونکە هەموو کەس نابێتە هاوسەفەرێکی شیاو.

هیچ پەیوەندیەك بە تەنیایی ئامانج نیە. ئەشق دوا ئامانجە.
ئەگەر ئەنجامی پەیوەندیەك ئەشق بێت، جوانە و باشە.
ئەگەر وێرانکەری ئەشقە هیچ کەڵکێکی نیە.

وشەی "کەماڵ"م بە دڵە. کەماڵ دژ بە "بەردەوامی" ناوەستێت. تەواوبونە کە دژ بە بەردەوامی یە. کەماڵ هەر ساتەوەختێکە. بە کردنەوەی پەنجەرەیەك بەرەو داهاتوو – دەرگایەك داناخرێت.

ئەشق هونەرێکی پیرۆزە.
ئاشق بوون مانەوەیە لە پەیوەندیەکی پیرۆزدا.



**ئەشق پەیوەندیەکە نێوان تۆ و کەسی تر.**
**چاودێری** (meditation) **پەیوەندی نێوان خۆت و خۆتە.**



**پەیوەندی باوك لەگەڵ منالّەكانی، پەیوەندی دایك لەگەڵ منالّەكانی، یاخود پەیوەندی منالّ لەگەڵ دایك و باوكی گشتی پەیوەندی خاوەنداریّتی یە.**
**هێشتا فێر نەبوین كە پەیوەندی دروست بكەین و نەبینە خاوەن.**

هەمیشە هەوڵ بدە بە ڕێگە و شێوازی نوێ لەگەڵ بەرامبەرت پەیوەندی دروستبکەی، باو و ڕۆتینێ هەرگیز. بەم شێوەیە یە کە پەیوەندی بەردەوام لە ڕەوتدا دەبێت.

هەمێشە سەرسورمان و چەند جوانە کە بەرامبەرت توشی سەرسورمان بکەیت یاخود خۆت توشی ئەم دۆخە ببیتەوە. پەیوەندیەك کە لەم بابەتە بێت هەرگیز مردوو نیە.

کاتێك کە ئەشق پێشکەشی خۆت دەکەیت هەست دەکەی خەڵکانێکی زۆر زۆرت خۆشدەوێت، و بەرە بەرە ئەم مەودایەی خۆشەویستیە فراوانتر و فراوانتر دەبێت و رۆژێك لەناکاو بۆت دەردەکەوێت کە هەموو کەونت لەم مەودایەدا جێگە داوە.

ئەمە کەم یان زۆر شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە کاتێك لە ناوەوە گۆرانێك خەریکی رودانە ، ناتەوێت پەیوەندی دروست بکەی ، چونکە ئەم پەیوەندیە هەمان وزەی گەرەکە و ئەگەرکو لە پەیوەندی دابیت، گەشەی تۆ دەوەستێت، چونکە گەشەکردنیش هەمان رێژە وزەی پێویستە. ئێستا گەشە و پەیوەندی دەبنە رەقیبی یەکتر.

لە سەدا نەوەدی وشەکان تەنیا پەرێز کردن لە پەیوەندی پێشان دەدەن. ئێمە دیوارێکی زۆر گەورە لە وشەمان دروست کردووە تاکو ئەم ڕاستیە بشارینەوە کە ئێمە نامانەوێت پەیوەندی دروست بکەین.

پەیوەندی پەیوەست نیە بە سات و وەختەوە. گرنگ توندی و قوڵی پەیوەندیەکەیە. تەنانەت ئەگەر پەیوەندیەکە تەنیا بیست و چوار کاتژمێر بخایەنێت ، ئەگەر تۆ بەڕاستی بچیتە ناو قوڵایەکەی زۆر رازیت دەکات. لەوانەشە بیست و چوار ساڵ بەردەوام بێت و شتێك ڕێگری لێنەکات. خوازیاری پەیوەندیەکی درێژخایەنین تاکو بۆ هەمیشە پشتمان بەکەسێکەوە توند بکەین. بە شێوەیەك کە بەردەوام پێویست نەکات لەگەڵ کێشە و ڕێگری نوێ ڕوبەڕو ببینەوە.

پەیوەندی هەمیشە تێکدەرە، مەگەر ئەوەی کە بتوانی تەنیا بمێنیتەوە. وەکوو ئیشی بانکدارێك وایە. ئەگەر پارەیەکت هەبێت ئەوە بانکدار پێت دەبەخشێت و ئەگەریش پارەیەکت نەبێت پێت نادات. کاتێك کە خاوەنی ئەو بیت هەموو کەس ئامادەیە یارمەتیت بدات، ئەو کاتەش کە ئەوت نەبێت کەس ئامادە نیە.

لە تەنیایی دا خەیاڵی زۆر دەکەیتەوە کە دروستکردنی پەیوەندی چ شادی و خۆشیەکت بۆ دەستەبەر دەکات و دوای دروستکردنی پەیوەندیەکەش بیر لەوە دەکەیتەوە کە باشترە بە تەنیا بی.



پەیوەندی هەرگیز بەدیهێنەری شتێك نیە .

ئەو تەنیا دەتوانێت شتێك بەدەر خات کە پێشتر بوونی هەبوە. کەوابوو هەرگیز بەرپرسیارەتی مەخەرە ئەستۆی کەسی تر. بەرامبەر بە لانی زۆر یارمەتیت دەدات کە ڕەوتە شاراوەکانی دەریای زهنت ئاشکرا بن.



**دڵ پەیوەندی تۆیە لەگەڵ کەون.**
**زهن پەیوەندی تۆیە لەگەڵ کۆمەڵگا.**

مرۆڤی کامڵ هەرگیز دەرناکەوێت.
وەها مرۆڤێک بونی نیە.
لەم ڕووەوە مەجبوری کە مرۆڤی ناکامڵت خۆشبوێت. تۆ بە ئەشقی خۆت
ئەو دەکەیتە مرۆڤێکی کامڵ.

پەیوەندی ئەشق لەگەڵ روح وەکو پەیوەندی هەناسەیە لەگەڵ جەستە.



له پەیوەندی دا شادبە و له تەنیایی دا بەئاگا،
هەر دوو لا یارمەتیدەری یەکترن، وەکو دوو باڵی باڵندەیەک.

هیچ پیاوێك له ژن تێناگات و هیچ ژنێكیش له پیاو تێناگات.
جوانی بەیەكەوە بونیان ئەمەیە.

پەیوەندی دەبێت بێ ئەمان بێت تاکو چێژی خۆی ببەخشێت. ئەگەر پەیوەندیەکەت بەتەواوەتی مسۆگەر بێت لە ئەنجامدانی چێژ وەرناگری ، هەموو هێزی راکێشەری خۆی لەدەست دەدات. ئاساییش و مسۆگەری هەرگیز کەس رازی ناکات و نەبونی ئەمنیەتیش ترسی بەدواوەیە، ترس لەوەی کە پەیوەندیەکە لە کیس بچێت. بەلام خودی ئەمە بەشێکە لە زیندویی. هەموو شتێك دەتوانێت لە کیس بچێت- هیچ شتێك مسۆگەر نیە. جوانی شتەکانیش لەبەر ئەم هۆکارەیە. هەر پەیوەندیەك وەکو ئاوێنەیەك وایە کە ناسنامەی تۆ دەردەخات.

دەبێ ئەمە تێبگەیت کە ئەشق لەخۆیەوە و یاخود تەنیا پەیوەندی لەگەڵ کەسێك خۆشبەختیت پێشکەش ناکات، مەگەر ئەوەی کە تۆ خۆت خۆشبەختی لەگەڵ خۆتدا بهێنیت.

ئەشق لەسەر دوو بنەما وەستاوە:

- دەبێت ریشەی لە ئازادی دا هەبێت،
- دەبێت هونەری بڕوا پێبوون فێربووبێت.

ئەشق تەنیا وەکو پەیوەندیەك، تەنیا نەهامەتی بەدواوەیە. بەڵێنی زۆر دەدات بەلام هیچ کامیان نایەتە دی. ئەم بەڵێنانە نایەنە دی چونکە هەردولایەن ئاوات خوازن لایەنی بەرامبەر شتێك پێشکەش بکات کە خاوەنی ئەو نین.

**ئەشق لە چاوەڕوانی دا زیندوە ، لە بەیەکگەییشتندا دەمرێت و دەبێتە شتێکی ئاسایی.**

گشت پەیوەندیەکان لە پەراوێزدان، تەنانەت گەورەترین ئەشقەکانیش هەر لە پەراوێزدابون . ئەم جۆرە پەیوەندیانە ناتوانن شتێکی زیاتر بن، چونکە شتگەلێکن لەدەرەوەی تۆ. دەتوانی دەست لە بەرامبەر بدەی، دەتوانی ئەشقی پێشکەش بکەی، بەڵام ناتوانی ببیتە ئەو، ئەویش ناتوانێت ببێتە تۆ.

خۆشبەختی لە تەنیاییدا ڕوت تێدەکات، هیچ کات پەیوەست نیە بە پەیوەندیەوە.

کاتێك لە دەرگات دەدات کە لە تەنیایی تەواو دایت و لە تەنیاییەدا شاد و سەرخۆشی.

تا دەتوانی پەیوەندی دروست بکە. چونکە هەر پەیوەندیەك یەکتاپی خۆی هەیە. شەوی تاریکی خۆی هەیە و ڕۆژە جوانەکەی خۆی. بەلام هەر لەمەوەیە تاکەکەس پێدەگات: تێپەڕکردنی تاریکی و ڕوناکی ، تامکردنی شیرینی و تالی.

لە پەیوەندی ئاشقانەدا، تۆ دەبێت خۆت تەسلیم بکەی نەک هەوڵ بدەی بەدەست بهێنیت.

**ئەشق هونەرە، هونەری بون لەگەڵ کەسانی تر.**
**چاودێری (meditation) هونەرە، هونەری بوون لەگەڵ خۆت.**
**هەر دووکیان دوو ڕوی سکەیەکن.**



یانی ئەشق ژیانێکی نائەمنە.
بەلام ئەم نائەمنیە پڕە لە جوانی.
سەرانسەر مەترسیە، پڕە لە روداو. بەڵام تەنیا ڕێگەی ژیان، ژینە لە
مەترسیدا و ڕوبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ روداوەکان.

تەنیایی تاکە کەسیە، و تەنیا تاکەکەسەکان دەتوانن ببنە دۆست. ناتوانی ببیتە دۆستی کەسێك کە لەگەڵ ئەو مانا پەیدا دەکەی، ئەمە هاوڕیەتی نیە. یان ئەو ژێر دەسەڵاتی تۆیە یان تۆ ژێر دەسەڵاتی ئەو. ئەمە پەیوەندیەکی خاوەنداریێتیە. خاوەن و کۆیلە. هاوڕێکان هەرگیز نابنە خاوەنی یەکتر.

ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت ژیانی خۆت بگۆڕی، هەر ئێستا بێ وەستان دەست پێبکە.

هەر پەیوەندییەك تەنیا ئەزمونێكە هەتا تۆ بۆ پەیوەندی دواجار ئامادە بكات، بۆ پەیوەندی كۆتایی لەگەڵ "بوون".هیچ پەیوەندیەك ناتوانێت شوێنی روحی تۆ بگرێت.

تەنیا خۆت هاوڕێی خۆتی.



ئەگەر پەیوەندییەك بە راستی بونی هەبێت، گۆرانی بەسەر دادێت. هەموو شتە زیندوەکان دەگۆڕێن، تەنیا مردوەکانن کە گۆران بەسەریاندا نایەت. کەوابو لە گۆڕان مەترسە، گۆڕان پیشان دەدات کە ئێوە زیندون.